# "بزوتنەوەی هیوای نوێ"

دۆستان و ئازیزان و خۆشەویستان و گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پێشەکی  چەند خاڵی گرینگ وەکوو دەستپێک دەخەینە بەرباس و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا وەکوو مانیفێست ، بەفەرمی  وبەرینی بڵاو دەکرێتەوە.

دیارە هەر بزووتنەوەیەک، حیزبێک یان ڕێکخراوەیەکی سیاسی وەکوو زەرورەتێکی مێژووی لە بۆشایەک وەکوو دیاردەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات .
کوردستان وەکوو خاک و نیشتمانی داگیرکراو ( کۆلۆنیال ) لە لایان چوار نەتەوەی سەردەست بە سەر چوار دەوڵەت نەتەوەدا دابەشکراوە.

لە هەموو کوردستانی دابەش کراودا بۆ سەرەتایی ترین مافەکانی ، کە لێی زەوت کراوە ،  خەبات و بەرخۆدان هەبوە و ئەزموونێکی دوور و درێژ لەم بارەوە ، بۆ ئێستای کۆمەڵگای سیاسی کورد بەجێ ماوە.

باس کردن بەگشتی لەسەر  هەموو پێکهاتەو چەمکەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستان ، قسە زۆر  هەڵدەگرێت و لە داهاتووشدا بە شێوەیەکی ئاکادمی و زانستی لە مانیفێستێکدا، دەخرێتە بەردیدەی جڤاک.

ئێمە وەکوو بزووتنەوەی" هیوای نوێ " بە ئامانج گرتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک  چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەم بەشە پێکهاتووین و لەسەر  هەمان ئەساس و نەریتیش درێژە بە کار و خەباتی خۆمان دەدەین.

بزووتنەوەی " هیوای نوێ " وەکوو پێداچوونەوە و گەڕانەوە بۆ مێژووی یەکەم حیزب و ڕێکخراوی سیاسی کورد ، بە شێوازێکی فەلسەفی و سوسیولۆژی خۆی ئافراندۆتەوە، پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی بە هەڵەکانی ڕابردووی بزوتنەوەی کوردیدا کردوە و سەر لە نوێ وەکوو دیاردەیەکی سەردەمیانە خۆی لە سەر  فەلسەفەی خەباتی نوێ دارشتوتەوە.

"هیوا " بەئەزموون وەرگرتن لە هەموو بزووتنەوەکان و نسکۆ و شکست و ئاشبەتاڵ و شەڕی براکوژی، هەر لەسەرەتای راگەیاندنی ، خۆی وەکوو بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەناسێنێ و بە هیچ شێوەیەک دەست بۆ چەک نابات و بە زەرورەتی ئەمڕۆیی نازانێ چونکە ئەو خۆی لە بازنەی چەکداری حیزبیدا قۆرخ ناکاتەوە، بەڵکو ئامانج و ستراتیژی هیوای نوێ بۆ دوارۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکهێنانی ئەرتەشی نیشتمانیە، نە چەکداری حیزبی و شەڕی بێ ئاکام و بێ دەسکەوت.

سیستەمی سانترالیزمی حیزبی ، مۆدێلێکی سەرکەوتوو
نەبۆ و دیکتاتۆری حیزبی ساز دەکات هەر بۆیە " هیوا " بە شێوازی شورایی بەڕێوە دەچێت و ڕێگرە لە بەردەم دەسەڵاتی تاکەکەسی و بەرژەوەندی کەمینە بە سەر زۆرینەدا و پێکهێنانی و میکانیزمی هێرەمی دەسەڵات .

بزووتنەوەی " هیوای نوێ " لە سەر خۆاست و داخوازی خەڵکێکی بەرچاو ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دیاسپۆرا، بە ئێرادەیەکی بەهێز  هاتۆتە نێو گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ساحەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا.

هیوای نوێ بە شێوازێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا، کار و چالاکی دەکات و ئامانج و ستراتیژێکی دیاری هەیە، کە زۆر بەوردی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی سیاسەتی ناوچەکە دەکات و  هەوڵ دەدات بە کەمترین تێچوو باشترین دەسکەوت بۆ گەلەکەمان  دەستەبەر بکات.

سەرچاوە داراییەکانی بزووتنەوەی هیوا ، لەسەر زەحمەت و ڕەنجە شان و ماندوو بوونی هەموو ئەندامانی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات پێک دێت. هەر بۆیەش بۆ دابین کردنی داهات پێویستی بە هیچ لایەن یا وڵاتی دەرکی نییە و ناچێتە ژێر باری هیچکام لە داگیرکەران یا لە سەر حیسابی بەشەکانی دیکەی کوردستان.
تەنانەت ڕێگا نادات لایانە سیاسەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، هێژمۆنی خۆیان بە سەر سەربەخۆیی سیاسی بزوتنەوەدا بسەپێنن.

بەکورتی لە چەند خاڵدا ئاماژە بە هێندێک لە ستراتیژی " هیوای نوێ" دەکەین.

.1هەوڵ و تێکۆشان بۆ سەربەخۆیی ئابووری و بە پیشەسازی کردنی کۆمەڵگای کوردستان و  بە مەبەستی بنبڕ کردنی هەژاری و بێکاری

. 2تێکۆشان و گرنگی دان ، بۆ نەگۆرینی دێمۆگرافیای کوردستان و تاڵان بردنی ژێرخان و سەرخانی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

. 3تێکۆشان بۆ پەرەپێدانی کلتوور ، فەرهەنگ و زمانی کوردی .

. 4لە خۆ گرتنی هەموو ئایین و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەشداری ژنان و  هاندانیان و پشتگیری بۆ کار و سەربەخۆیی ئابووری.

. 5مافی بەرانبەری و یەکسانی لە هەمو جومگەکانی کۆمەڵگادا وەک مافی ڕەوای ژنان دەزانین و بە کردەوە کاری بۆ دەکرێت .

. 6پەرەپێدان بە سیستەمی پەروەردە و خوێندن و دابین کردنی مافی منداڵان بە زمانی دایک .

٧ .سەروەری یاسا و سەربەخۆیی ئابوری کۆمەڵگا و تاک ، ئامانج و ستراتیژی بزوتنەوەی هیوای نوێیە .

٨ .بزووتنەوەی " هیوای نوێ "  خۆی لە چوارچێوەی هیچ ئایدۆلۆژیایێکی دیاری کراودا نابینێتەوە و باوەڕی بە ئێرادەی ئازاد و سەربەخۆی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا هەیە و سەروەری یاساییکی پێشکەوتو ، کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردەواریدا هاوتەریب بێت .

 شادی و کامەرانی هەموو لایک ئاواتمانە  بەهیوای وەدیهێنانی هەمو ئامانجەکانی دواڕۆژی کوردستان شورای بەڕێوەبەری بزوتنەوەی هیوای